## لە ئامێزی نیشتمانەوە... حەمەسەعید حەسەن

هەولێر 01/ 11/ 2005



لە ستۆكهۆڵمەوە دەفڕیت و لە هەولێر دەنیشیتەوە، هەندێك لە هاوسەفەرەكانت، هەر لە ستۆكهۆڵمەوە بە پۆشاكی كوردییەوە سواری فرۆكەكە دەبن، هەندێكی دیكەیان لە ئاسمانی كوردستاندا، كە بالافڕەكە لە هەولێر نزیك دەبێتەوە، ئەوسا جلوبەرگی كوردی دەپۆشن. جاران (سەفەرێكی وا ئەفسووناوی) بە خەیاڵی بەپیتی (حسێن عارف) یشدا نەدەهات. ئەوی جارێك هەولێری دیتبێت، لە ئاسمانەوە بە هۆی قەڵاكەیەوە، دەیناسێتەوە. قەڵا تەنیا نیشانەی هەولێر نییە، دڵی هەولێریشە، هەولێر قەڵای شك نەبردبا، لە شارێكی كەمئەندام دەچوو. دەگەیتە فڕگەی هەولێر، بالافڕكە دەنیشێتەوە و تۆ دڵت دەكەوێتە باڵەفڕێ.

غەریبی جۆری زۆرە، یەكێكیان دوورییە لە وڵات، دەگەیتەوە هەولێر، هەستت بە هەموو شتێك ئاشنایە و هێدی هێدی تەمی خەمی غەریبیت دەڕەوێتەوە. دەگەیتەوە هەولێر و جەستەت بە ڤایرۆس و بەكتریاكانی نیشتمان نامۆیە و ترسی ئەوەت هەیە نەخۆش بكەویت، دەگەیتەوە هەولێر و هەست دەكەیت، ناشرینترین كووچەی نیشتمان، لە دڵگیرترین باخی تاراوگە، شیرینترە. كە دەگەیتەوە نیشتمان، دەڵێیت سەرلەنوێ ژینت بۆ دەنووسرێتەوە، دەستبەجێ ئازار لەشت جێ دەهێڵێت و لە ناكاو هەست دەكەیت، هیچ كوێت ژان ناكات.

دەگەیتەوە هەولێری پێتەختی باشووری نیشتمان و پێویستت بەوە نابێت، لەسەر خاكی هیچ وڵاتێكی داگیركاری كوردستان لا بدەیت، ناچار نابیت وەڵامی پرسیاری پاسدارێك، عەسكەرێك، یان جەندرمەیەك بدەیتەوە. عەبدوڵلا پەشێو لەسەر سەفەرە، بە ڕاست وەختی ئەوە نەهاتووە، جەمال نەبەزیش دوای نزیكەی چل ساڵ غەریبی سەرێك لە نیشتمان بداتەوە!

دەگەیتەوە ئەو نیشتمانەی، تێیدا ئەو كوردستانییەی دەستووری عێراقی پەسەند نەكردبێت، تیرۆریستە، ئەو كەركووكییەی لە قودسی كوردستاندا دەواری هەڵنەدابێت، ناپاكە. باش بوو سەروەختی ڕاپرسی لەسەر دەستوور، لە كوردستان نەبوویت، ئەگەر نا، هەنووكە بە تەوێڵتەوە مۆرێك هەبوو، تۆی تیرۆریستی لە هاووڵاتییانی بێوەی، جیا دەكردەوە. باش بوو كەركووكییەكی سلێمانینشین نەبوویت، ئەگەر نا، بە تۆمەتی ناپاكیی مەزن، بە دادگا دەدرایت. دەگەیتەوە هەولێر و بۆ ئەوەی پێویستت بە ڤیزەی كوردستان نەبێت، دەبێت بەڵگەنامەیەكی عێراقیت پێ بێت!